# شەڕەکانی پشتی ئەم شەڕە ئالأیە

**ریبوار ئەحمەد**

رۆژی 1ی سەپتەمبەر مسعود بارزانی بە بریاریك رایگەیاند کە دەبێ "ئالای ئیستای عیراق" لە هەموو شوینە رەسمیەکانی کوردستان دابگیریتو چیتر ئەو ئالایە لە کوردستان بەرزناکریتەوە. ئەم بریارەی مسعود بارزانی ئەزمەیەکی سیاسی خولقاند، سەرانی رەوتو لایەنە سیاسیە ناسیونالیستە عەربەکانو پاشانیش سەرۆکی حکومەتی دەست سازی ئەمریکا لە بغداد، بە زمانیکی هەرەشە ئامیزەوە کاردانەوەو هستریای خۆیان بەرامبەر ئەم بریارە نیشاندا.

بەلگەی مسعود بارزانی بۆ بریارەکەی ئەوەیە کە ئەم ئالایە، رەمزی رژیمی بەعسەو لەژیر ئەو ئالایەدا خەلکی کوردستان کۆمەلکوژو ئەنفالو کیمیاباران کراون. هەموو ئەمانە راستەو ئەو ئالایە نەك هەر لە کوردستاندا بەلکو لە سەراسەری عیراقدا رەمزی فاشیزمو سەرکوتی خویناویو بەربەریەتی بەعس بووە، هەر بەم پیەش ئەم ئالایە نەك هەر لە کوردستان بەلکو لەسەراسەری عیراقدا، نەك هەر شایستەی هینانەخوارەوەیە، بەلکو دەبێ بخریتە ژیرپیوە.

بەلام بۆ هەر کەسیك کە هەر لە ساتی یەکەمەوە ئەم بریارەی بارزانی دەبیستیت، ئەو پرسیارە واقعیە قوت دەبیتەوە، کە مەسەلە چیەو چ روویداوە وا مسعود بارزانی لە سەرەتای سەپتەمبەری 2006دا، لەیەك ناکاو وەحی بۆهاتو ئەوەی کەوتەبیر کە لە ژیر ئەم ئالایەدا ئەو تاوانکاریانە بەرامبەر خەلکی کوردستان ئەنجامدراوە، بەم پیەش بریاریدا لە کوردستان بهینریتە خوارەوە؟!! ئەگەر کارەساتی ئەنفالو کمیاباران بەو ئەندازەیە جەرگی سەرانی ناسیونالیزمی کوردیان سوتاندوە، کەوایە بۆچی چەند سال دوای ئەنفال هەم تالەبانیو هەم بارزانی صدامو سەرانی بەعسیان لە ئامیزگرتو ملیان ماچکردن؟ بۆچی لە 12 سالی پیش رووخانی بەعسدا کە کوردستان بە کردەوە جیاو لە دەرەوەی قەلەمرەوی دەسەلاتی بەعس بوو، نە مسعود بارزانیو نە تالەبانی نەك هەر بریاری وا "جەسورانەیان" نەدا، بەلکو لە سەرەتای کۆبونەوەکانی پەرلەمانی نۆبەریان لە نیوان خۆیاندا مشتو مری دنیایان لەسەر هەلکردنی ئەو ئالایە کرد، هیچیان جەسارەتی ئەوەیان نەکرد ئەو قسیە بکەین کە ئیستا بارزانی دەیکاتو تالەبانیش چارەیەکی نەماوە جگە لەوەی بە ئیحراجیەکی زۆرەوەو بە هەزار پیچو دەوەران دوای بکەویت؟

پرسیاریکی لەوانەش گەورەتر، 31 ئابی 1996 تەنها 10 سالی بەسەردا تیپەریوە، هاولاتیان لە 16 سال بەسەرەوەی کوردستان هەموو لە بیریانە کە چۆن 8 سال دوای ئەنفالو کیمیاباران، مسعود بارزانیو حیزبەکەی ئالای فاشیزمی بەعسیان لەسەر بالەخانەی پەرلەمانەکەیان لە شاری هەولیر هەلکرد. پاساویان بۆ ئەمە چیە؟!

ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دوای 13 سال دابراوی کوردستان لە عیراق، بەبێ گویدانە خواستی خەلك، بەبازدان بەسەر مەیلو ئیرادەو لیستی ملیونی ئیمزاکانی خەلك بۆ جیابونەوەی کوردستان، لە پیناو بەرژەوەندی کۆنەپەرستانەی خۆیانو لە چوارچیوەی ساتو سەودایان لەگەل ئەو هیزە ئیسلامیو ناسیونالیستانەی کە ئیستا شەرە ئالایان لەگەل دەکەن، بە پیێ تەرحی کۆنەپەرستانەی فیدرالی کوردستانیان بەزۆرەملی لکاندەوە بە عیراقەوە. پرسیار ئەوەیە ئیوە کە ئەو هەموو پروپاگەندەیەتان بۆ خیروبیرو واقعی بوونی فیدرالیزم دەکرد، وە ئەگەر فیدرالیزمتان دەویت، کەوایە چۆن لەگەل ئەم بریارە تازەیەی بارزانی دەیگونجینن؟ سەرئەنجام بارزانی دەبێ وەلامبداتەوە کە ئەگەر ئەم ئالایە بەحەق رەمزی رژیمی کیمیابارانو ئەنفالە، بۆچی لە ماوەی 3 سالی دوای روخانی ئەو رژیمەش تا ئەو رۆژەی بازانی ئەم وەحیە تازەیەی بۆهات، بریاریکی وا لەسەر هینانە خوارەوەی ئەم ئالایە لە کوردستان دەرنەکراوە؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر دەکرێ لیست بکرین.

ئەمانە هیچ پاساویك هەڵناگرن، وەڵامی ئەم پرسیارانە نەك لە پاساوەكانی ناسیونالیزمی كورددا، بەڵكو دەبی لە لیكدانەوەی هەڵومەرجی سیاسی ئیستاو وەزعی یەكیتیو پارتی وەكو دوو حیزبو وەكو دەسەڵاتدارانی كوردستانو وەكو شەریكی ئەو دەسەڵاتە شەقڵو شرەی بەغدا، هەروەها لە سیاسەتی بە نرخی رۆژ نانخواردنی ئەم حیزبانەدا، بدۆزریتەوە. هەركەسیك بەبێ دۆزینەوەی وەڵامی دروستی ئەم پرسیارانە، دوای ئەو هەراوهوریاو شەرە ئالایە بكەویت، یان دەیەوی خۆی فریوبدات یان دەیەوێ لە فریودانی خەڵكدا خۆی شەریك بكات. تالەبانیو بارزانی دروست خەڵك بە ئامرازی یاریەكانی خۆیان دەزانن. رۆژیك بەسەر زامە قوڵەكانی ئەنفالو كمیابارانو گۆری بەكۆمەڵدا بازدەدەنو ماچكردنی صدامو هەڵكردنی ئاڵای فاشیزمی بەعسو سازكردنی مەراسیمی پیشوازی لە عبدالعزیز حیكمو لكاندنەوەی كوردستانو بانگیشەكردن بۆ دەستوری فاشیانەی ئیسلامی-قەومی، وەكو بریاری سیاسی دروستو حەكیمانەو واقعبینانە، دەرخواردی خەڵك دەدەن، رۆژیكی تریش وا نیشاندەدەن كە گوایە ئازاری جەرگیان بۆ كارەساتی ئەنفالو كیمیاباران پەتی تەحەمولیانی بریوەو ئیتر چاویان بەرایی نادات ئاڵای بەعس لە كوردستان ببینن.

رۆژگاریك بە پیێ بەرژەوەندی خۆیان باسی جیابونەوەی كوردستان بە خەتاو تاوانو ناواقعیو گیرەشیوینی لە قەڵەم دەدەنو سویند بەسەر یەكپارچەیی خاكی عیراق دەخۆن، رۆژیك حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری لەسەر بەرزكردنەوەی ئەم خواستەو خەباتكردن لەو پیناوەدا سەركوتو قاچاغ دەكەن، رۆژیكی تر دەم لەوە دەكوتن كە هەركات ببیانەوێ بە مافی خۆیان دەزانن بریار لەسەر جیابونەوە بدەین.

ئەم شەرە ئاڵایەی ئیستا سازكراوە، شەریكی پوچە، شەریكی چەواشەكارانەیە، شتیك نیە جگە لە ئەڵقەیەكی تری هەمان ئەو سیناریۆیانەی لە پیشەوە چەند نمونەیەكیمان باسكرد. بەڵام وەكو هەمیشە بەڵگەی واقعیو بەرژەوەندیەكی تایبەتی ناسیونالیزمی كورد لە پشتی ئەم شەرەوە راوەستاوە. بەبی بینینی ئەوانە ناكرێ هیچ هەڵویستیكی دروست لەم مەسەلەیە بگیریت. بە مانایەكی تر سی شەری واقعی لە پشتی ئەم شەرە ئاڵا پوچەوە دەبریتە پیشەوە. لە هەموو ئەو شەرانەدا سەنگەری خەڵكو بەرژەوەندی خەڵك لەگەڵ سەنگەرو بەرژوەندی ناسیونالیزمی كوردو ستراتیژیك كە مسعود بارزانی دەیخاتەروو، ناكۆكی قوڵیان هەیەو یەكناگرنەوە.

## شەری دوای تیكروخانی ئیتلافی بەغدایان

یەكیتیو پارتی وەكو نوینەری بزووتنەوەی ناسیونالیستی كورد، بە ئومیدی گەیشتن بە مەرامەكانی خۆیان لە شەریكبونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە عیراق، بێ هیچ سلكردنەوەیەك، هەموو پرەنسیپیكی سیاسیو ئەخلاقیان ناوەڵاوەو لە جەنگی ئەمریكا بۆ ویرانكردنی كۆمەڵگای عیراقو نوقم كردنی لە سیناریۆی رەشدا بەشداری بیدریغیان كرد. ئەمەیان بە هەلیكی گەورە بۆ خەڵكی كوردستان لە قەڵەمدا لە ریگای گەیشتن بە ئازادیو رزگاریو دیموكراسیو مافەكانیان. لە دریژەی ئەم سیاسەتە كۆنەپەرستانەیەدا سێ ساڵە دەوری خزمەتكردن بە سیاسەتو سیناریۆكانی ئەمریكا دەبنین لە عیراقدا بە ئومیدی گەیشتن بە مەرامەكانی خۆیان.

دوای رووخانی بەعس ووتیان ئەوە پرۆسەی ئازادیو بەدیهاتنی دیموكراسی لە عیراقدا دەستی پیكردوە، دەستەو تاقمە ئیسلامیە جۆراوجۆرەكانو لقوپۆپەكانی ناسیونال-شۆفینیزمی عەرەبیان بە بە دۆستو هاوپەیمانی خەڵكی كوردستان ناساندو لە پیناوی بەشی خۆیان لە دەسەڵاتی مەركەزی، خۆڵیان كردە چاوی خەڵكو ئەڵقە یەك لە دوای یەكەكانی ئەم سیناریۆ كارەستبارەی عیراقیان، بە هەنگاوەكانی بەرەو سەرفرازیو سەقامگیركردنی دیموكراسی ناساند. هەموو هەنگاویكی قوڵبونەوەی سیناریۆی رەشیان بە دەسكەوتیكی تازە ناوزەد كرد، لە روانگە ناسیونالیزمی كوردەوە، جەنگ، داگیركاری، زەمینەدان بە

پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزم، دەستەبەندی کردنی قەومیو تائیفی دانیشتوانی عیراق، مەجلسی حوکم، حکومەتی کاتی، داسەپاندنی دەستوری فاشیانە، فیدرالیزمو لکاندنەوەی دووبارەی کوردستان بە عیراقەوە، سەرئەنجام گالتەجاری هەلبژاردنو پیکهینانی حکومەت بە سەرۆکایەتی تالەبانیو مالکی...سەرجەم هەنگاوی گەورەی یەك لە دوای یەك بوون بەرەو، بەدیهاتنی دیموکراسیو ئاواتە دیرینەکانی خەلکی کوردستانو عیراق. تالەبانیو بارزانی لەم بارەیەوە چەندین ووتاری پڕ حەماسەتیان بە گویی خەلکدا داوە.

بەلام ئیستا دەرکەوت هەموو ئەو ووتارو هوتافو چەپلەریزانو هەراوهوریایە پوچو بیمایە بوون. سەرجەم ئەوانە رەوتی نوقمکردنی کۆمەلگابوو لە کارەساتی جەنگو تیرۆریزمو داروخاندنی کۆمەلگا لە پیناو دانیشتنی کۆمەلیك سەرك قەومو عەشیرەتو تائیفە لەسەر کورسی حوکم. کۆمەلیك دەستەو تاقم کە ئەو مافانەش بە خەلکی عیراق رەوانابینن کە رژیمی بەعس نەیتوانیبو لییان زەوت بکات. دەرکەوت ئەوەی ناویان نابوو هاوپەیمانیو نیشتمانیو برایەتی لە پیناو عیراقیکی نویو دیموکرات، شتیك نەبوو جگە لە هدنەیەکی کاتی لە شەری قەومیو تائیفیدا. ئیستا هەموو هاولاتیەکی ئاسایی دەتوانی ببینی کە ئەم هیزانەو ئەمریکا لە شکلدان حکومەتیکی واقعی دوچاری ناکامیەکی ئاشکرا هاتوون. حکومەتی تالەبانی- مالکی بووە بە مایەی گالتەجاری هەموو دنیا.

ئەم ناکامیە وەکو رۆژی رووناك بە نیوچەوانی بۆشو بلیرو تالەبانیو مالکیو هەموو سەرانی نیو ئەم وشکەلەکەوە دەبینری. لە ئەنجامی ئەم ناکامیەدا ئومیدەکان ئاوابوون، هدنە تەواو بووە، کیشە خەوینراوەکان قوتبونەتەوە، ئیتلافو هاوپەیمانیەکان تیکروخاون، شەری ناوخۆ رووی لە قولبونەوەی زیاترە، هەرکەس دەیەوی لاشەی خۆی لە ژیر ئەو دیوارە دەرکات کە خەریکە بەسەریاندا دەروخیت. مسعود بارزانی بە نوینەرایەتی ناسیونالیزمی کورد، شەرە ئالای کردوە بە ریگایەك بۆ شەری دەرکیشانی لاشەی بزووتنەوەکەی خۆی لەژیر ئەم دیوارەی کە لە حالی داروخاندایە. دەیەوی ئیتر حسابی خۆی جیابکاتەوە.

بەلام ئەمە شەری خەلکی کوردستان نیە، ئەمە بە تەنگەوەهاتنی بارزانیو ناسیونالیزمی کورد نیە بۆ چارەنوسی خەلکی کوردستان، ئەمە هەولیك نیە بە ئاقاری دەستبەرکردنی ئامانجەکانی خەلکی کوردستان....بەلکو ئەمە ئاکامی ساتو سەوداو یاری کردنی ئەم حیزبانەیە بە چارەنوسی خەلکی کوردستانەوە، ئەمە ئەنجامی دووبارەلکاندنەوەی کوردستانە لەسەر دەستی ئەم حیزبانە بە عیراقەوە. ئەمە ئاکامی فەشەلی سیاسەتیکە کە هەر ئەمەی لی چاوەروان دەکرا. بەم پیەش ئەمە خەتایەکی گەورەی دیکەی ناسیونالیزمی کوردە بەرامبەر خەلکی کوردستان. ئەوان مسئولن لەوەی کە بە فروفیشالو فریوکاری خەلکی کوردستانیان بۆ ناو ئەم کارەساتە راپیچکرد. ئیستاش دەیانەوی بە شەرە ئالاو بزواندنی دەمارگیری قەومی خەلکی کوردستان بکەن بە کەرەسەی یاریەکی تر، کە دیسانەوە ناسیونالیزمی کورد لە چوارچیوەی ئەم ئالوگۆرانەدا پەنای بۆ دەباتەوە. ئەمجارە بزواندنی هەستی خەلکی کوردستان بە دەمکوتان لە جیابونەوەیەك کە گوایە هەرکات ئەوان بیانەویو وەحیان بۆبیت بریاری لەسەر دەدەن. ئەمجارە دەیانەوی خۆیان بە خواستی جیابونەوەی کوردستانەوە هەلواسن، بۆ ئەوەی ئەم ئارەزوەی خەلك بە گرەوبگرن. ئیتر خەلك نابی دوای ئەم قومارەی ناسیونالیزمی کورد بکەویت. ریگا چارەی واقعیو خواستی فراوانی خەلك، جیابونەوەی کوردستانو پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆیە، ئەمە لە 15 سالی رابردوودا نەك هەر ریگاچارەیەك نەبوو کە ناسیونالیزمی کورد خستبیتیە بەردەم کۆمەلگا، بەلکو ناسیونالیزمی کورد یەکیك لە کۆسپە گەورەکانی بەردەم جیبەجی بوونی ئەم خواستە بوو.

## شەری دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد لەگەل خەلکی کوردستان

لەو رۆژەوە ناسیونالیزمی کورد لە کوردستاندا دەسەلاتی پەیداکردوە، بەردەوام خەریکە ئیمتحانی خۆی دەداتو بە کردەوە نیشانی دەدات کە ئەم دەسەلاتە هیچ تەبایی‌و سازگاری‌و هاوئاهەنگیەکی لەگەل ویستو ئامانجو ئارەزوەکانی خەلکی کوردستاندا نیە. بە کردەوە نیشانیدا کە دەسەلاتیکی میلیشایی-قەومی-عەشایەری- ئیسلامی-پیاوسالارییە. دژی ئازادی‌و بەرژەوەندیەکانی خەلكو گویلەمستی دەولەتانی کۆنەپەرستو سەرکوتگەری ناوچەکەو دنیایە.

بەلام مەسەلەکە بەوە تەواو نابیت، لە سایەی ئەم دەسەلاتەدا باری گوزەرانو سەرەتایترین خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان تا خراپترین ئاست هاتەخوارەوە. تالانو برۆی بیسنورو گەندەلی سەراپاگیر بەوپەری خۆی گەیشت. سەرانی هەردوو حیزب ناچاربوون لەبەرامبەر تورەیی خەلکدا دان بەم گەندەلی‌و تالانوبرۆیەدا بنین‌و خەلك بە بەلینی ریشەکیشکردنی ئارام بکەنەوە. سەرئەنجام لە یەك مانگی رابردودا بەشیکی بەرچاو لە شارەکانی کوردستان لە دژی ئەم دەسەلاتە گەندەلەو بەرامبەر نەبونی پیداویستیە هەرە سەرەتایەکانی ژیانی رۆژانە خرۆشان. خۆپیشاندان‌و هاتنەمەیدانی جەماوەری هاوکات لە چەندین شاردا، ریوایەتیکی بە تەواوی پیچەوانە لە ریوایەتی یەکیتی‌و پارتی، نیشانی هەموو دنیادا. بەم جۆرە جەماوەری خەلك نیشانیاندا کەچیتر تەحەمولی ئەم دەسەلاتە گەندەل‌و داسەپاوە ناکەن.

یەکیتی‌و پارتی دوچاری ئیحراجیەکی گەورەو تەنگانەیەکی سیاسی لەرادەبەدەر هاتوون. بەپیی راپۆرتی ئەوان خەلکی کوردستان بە ریزی ملیونی دەنگو پەنجەمۆری خۆیان بەواندا‌وە، بە ئیدعای ئەوان گوایە "تەجروبە دیموکراسیە سەرکەوتوو"ەکەیان، لە کوردستان بریارە ببیتە بنەمای تەجروبەیەکی نوی دیموکراسی بۆ عیراق. کەچی جەماوەری ناوچەکانی بندەستیان بە فراوانی لە دژی تەجروبەکەی ئەوان راپەریون. سەرکوتی خویناوی‌و گرتن‌و راونان‌و زالکردنی فەزای میلیتاریستی لە شارەکان، هاوکات دوپاتکردنەوەی بەلینی چاکسازی‌و دەستبەرکردنی خواستەکانی خەلك، هەولی بەپەلەی ئەم حیزبانەبوو بۆ خامۆشکردنەوەی ئەم خرۆشانە جەماوەریە. بەلام ئەمە ئەگەر ناسیونالیزمی کورد بەختی بە بالیش بفریت، تەنها سەمەریکی کاتی دەبیت. ناسیونالیزمی کورد نە لەو ئاستو توانایەدایە کە بتوانی لە ریگای کوشتاری بەکۆمەلەوە خەلك مەرعوب بکات، نە بەو دەسەلاتە گەندەل‌و داماوەیەوە دەتوانی خواستو ویستی خەلك دەستەبەر بکات.

هەلگیرساندنی شەرە ئالا بۆ ئەوەیە کە جاریکی تر لە ریگای بزواندنی هەستی قەومپەرستیەوە، خەلك بەکیش بکات بۆ پشتی ناسیونالیزمی کورد. بۆ ئەوەیە شەری خەلکی کوردستان لەگەل دەسەلاتی گەندەل‌و داسەپاوی ئەم حیزبانە لەسەر ژیان‌و گوزەران‌و ئازادی، لە بیری خەلك بەریتەوە. بۆ ئەوەیە زەینی خەلك بەرەو جیگایەکی تر بەریت. ئەمە ریك دریژەی ئەو قسەیەی مسعود بارزانیە کە رۆژی 11ی ئاب لە کۆبونەوە لەگەل کۆمەلیك لە خەلکی چەمچەمال ووتی " ئیوە مافی خۆتانە خۆپیشاندان بکەن، بەلام ئاگاتان لەوە بیت هیچ لە نیوان ئیمەو ئیوە نیە، ئیمە یەکین‌و ریگامەدەن نارەزایەتیەکانتان بخریتە خانەی دژایەتی ئیمەوە" ئەمە دروست سازکردنی شەریکە بە مەبەستی هەولدان بۆ ئەوەی خەلکی وە دەنگهاتوو لە دژی خۆیان لەگەل خۆیان بکەنەوە بەیەك. خەلك نابی‌و ناکری بەمە فریوبخوات. دەبی خەباتی لیبراوانەی خۆیان لە پیناو خواستەکانیان تا سەر دریژەبدەن.

## شەری یەکیتی‌و پارتی

بەرەیەکی تری ئەم شەرە ئالایە کە مسعود بارزانی بەرپای کردوە، شەری بردنەوەو زالبونی سیاسیە بەسەر یەکیتیدا. کیشمەکیشی ئەم دوو بالەی بزووتنەوەی کوردایەتی، لەسەر دەسەلاتو لەسەر رابەری ئەم بزووتنەوەیە، لە هیچ هەلومەرجیك‌و بە هیچ ریککەوتنامەیەك، بۆ ساتیك نەخەوینراوە. ئیستا کیشمەکیش‌و پیشبرکی ئەم دوو حیزبە لە قالبیکی سیاسیدا زۆر بە گەرمی بەریوەیە. یەکیتی‌و تالەبانی لەم چەند سالەدا بەردەوام بۆ پارتی‌و بارزانی دایانشکاندوە.

ئیستا ئیتر هەر چاودیریکی سیاسیو تەنانەت هەموو هاولاتیەکی ئاسایش ئەو راستیە دەزانی کە پارتی دەستی بالای پەیداکردوە.

پارتیو بارزانی لەم هاوسەنگیە تازەیەدا، بە بەخشینی پۆستی رەمزی سەرۆك كۆماری عیراق بە تالەبانی، هەموو شتیکی کوردستانیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردوە. ئیستا کە کۆشکی کۆماری لە بەغداد خەریکە شیوە رەمزیەکەشی نامینیٚ، معلوم نیە ئەگەر تالەبانی بیتەوە بۆ کوردستان چی بەردەکەویت؟

بەلام بارزانیو پارتی تازە هەر بەمەوە ناوەستن. بە گەرمیو بە نەخشەوە لە هەولدان بۆ ئەوەی جیگاو ریگای بەرتری خۆیانو دەوری خۆیان وەکو دەسەلاتی کوردستان بەرامبەر یەکیتی بچەسپینن. بەم شەرە ئالایەی بارزانی سازی کردوە، لەشەر لەگەل یەکیتیشدا دوو نیشانەی پیکاوە. لەلایەکەوە خۆی وەکو نوینەرو رابەری بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد هەلخستوەو ستراتیژیکی تری ناوەتەبەردەم ئەم بزوتنەوەیەو یەکیتشی ناچارکردوە کە دوای بکەویتو هەنگاویکی تر دەوری رابەری بۆ بسەلینیٚ. لەلایەکی تریشەوە تالەبانی دوچاری هەلویستیکی لەرادەبەدەر ئیحراج کردوە. چونکە ئەو وەکو یەکیك لە رابەرانی ناسیونالیزمی کورد ناتوانی لە بەرامبەر بریارەکەی مسعود بارزانیدا بەرگری لە ئالای بەعس بکات، وەکو "سەرۆك كۆماری عیراقیش" ناتوانی بەرگری لە ئالاکەی نەکات. هەرکامیٚکیشی بکات یاریەکی تر بە بارزانی دەدۆرینیٚ. بۆ بە حساب چارەسەری ئەم گرفتە لە چارە نەهاتووە، ناچاربووە سەرلەقاندنی خۆی بۆ خەتی بارزانی وەکو دۆلە لە دوو تویی بەیانیکی دورودریژدا بپیچیتەوە.

بەلام ئەم شەرەش هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندی خەلکەوە نیە. جەماوەری خەلکی کوردستان لە هەموو شتیك زیاتر شەرو کیشمەکیشی نیوان ئەم دوو هیزەیان لە مەحەکداوەو بە تەواوی بۆیان دەرکەوتوە، کە لەم کیشمەکیشدا خەلك تەنها قوبانین. بزووتنەوەی کوردایەتی بە هەردوو بالەکەیەوە، لە بەرامبەر خەلكو بەرژەوەندی خەلكو ئامانجە ئازادیخوازانەکانی خەلکدا قەراریان گرتوە، کیشەی ئەوان بە هیچ جۆریكو لە هیچ لایەکیانەوە لەسەر ئازادیو بەشی خەلك نیە، بەلکو لەسەر ئەوەیە کامیان زیاتر لە بەتالانبردنی بەشی خەلکدا، زیاتری بەرکەویت.

## سەنگەری خەباتی راستەوخۆی خەلك

کەوایە خەلکی کوردستان ناکری بەم شەرە ئالایە فریو بخۆن، ناکریٚ دیسان دوای ئەم شەرەو یاریو سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کورد بکەون، کە بەردەوام ئەم کۆمەلگایە بۆ شکستو ناکامیو سیاسەتی بە نرخی رۆژ نانخواردنی خۆیان بە کیش دەکەن. لە هەرسی ئەو شەرانەی مسعود بارزانی دەیەویٚ بەم شەرە ئالایە بیانباتە پیشەوە، سەنگەری خەلك لە سەنگەری ناسیونالیزمی کوردو مسعود بارزانی جیاوازو بەرامبەر بەیەکن. بزووتنەوەی جەماوەری پیویستە لەسەر رەوتی خۆیو لە سەر داخوازیەکانی خۆی پیداگریٚو لە دەوری پلاتفۆرمی خۆی پەرەبسینیٚ تا بە خواستو ئامانجەکانی خۆی دەگات. ئەمە یەکیکە لە سەنگەرو مەیدانە واقعیەکانی خەباتی خەلکی کوردستان.

سەنگەرو مەیدانیکی دیکە، هاوکات لەگەل بزووتنەوەی نارەزایەتی لە پیناو خواستەکانیدا، خەباتە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی سیاسی کوردستانو دەرکیشانی لە گیژاوی ئیستاو لە رکیفی دەسەلاتی میلیشاییو گەندەلی ناسیونالیزم. کۆمەلگای کوردستان بۆ رزگاربوونی لەم گیژاوەو لە گیچەلی کارەساتیك کە خەریکە لە سایەی تەقینەوەی دووبارەی شەرو کیشەی هیزە قەومیو دینیەکاندا، شەپۆلەکانی گەورەتر دەبیتەوە، پیویستی بەوەیە جەماوەری خەلکی ئازادیخواز بیٚگویدانە چەواشەکاریو یاری کردنی ناسیونالیزم بە شیعاری فریوکارانە، راستەوخۆ لە دەوری بەرپاکردنی خواستی ریفراندۆم بۆ جیابونەوەی

**کوردستان بینە مەیدان. ئەمە ریگایەکە کە چەند سالە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ناویەتیە بەردەم ئەم کۆمەلگایەو بۆی تیدەکۆشیت. ئەمرۆ زەمینەو زەورەتی لە رادە بەدەر هەیە بۆ جیٚبەجیٚ کردنی.**

5ی **سەپتەمبەری** 2006